# دیپلۆماسیی نوێی عەرەبی: بەرهەڵستی نەك بەرهەڵستكاری

بەشی یەكەم

مارینا ئەوتاوی
محەمەد حەزەروڵڵا
وەرگێرانی تایبەت بە كوردپرێس:
م. عەباس كەریم

دەزگای كارینگی

www.kurdpress.net

بەرنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ژمارە 94
تەمموز/یولیو/2008

2008 دەزگای كارینگی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی، هەموو مافەكان پارێزراوە، نابێت هیچ بەشێكی ئەم كاغەزە لەبەری بگیرێت یان وەربگێڕدرێت بەهەر شێوەیەك یان هۆیەك لەهۆكارەكان بێ مۆڵەت پێدانی دەسخەت لەدەزگای كارینگی، تكایە داخوازییەكان ئاراستەبكرێت بۆ:

Carnegie Endowment for International peace
Massachusetts Avenue NW 1779
Washington, DC 20036

دانەر

ماریناس ئوتاوی: بەڕێوەبەری بەرنامەی كارینگیە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پسپۆڕە لەبواری دیموكراسی و گەڕانەوەی ئاوەدانكردنەوەی عیراق و ئەفغانستان و بەڵقان و وڵاتانی ئەفریقیا، ئۆتاوی بە یەكێك لەگەورەترین لێكۆڵەرەكان دەژمێردرێت لەبەرنامەی دیموكراسی و حوكمی یاسا كەباری دیموكراسی شی دەكاتەوە لەهەر شوێنێكی جیهانداو هەوڵەكانی ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو وڵاتانی تر بۆ بەهێزكردنی دیموكراسی.

محەمەد حەزەروڵلا: یاریدەدەری لێكۆڵەرەوەبوو لەساڵی 2007-2008 لەبەرنامەی كارینگی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بواری لێكۆڵینەوەكانی دیموكراسی و حوكمی یاسا لەخۆدەگرێت، سەرەڕای گەشەپێدانی ئابووری نێودەوڵەتی و رامیارییەكانی عەرەبی.

## کورتەیەك

زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان، کەزۆربەی جار لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەوەستان دەستیان کرد بەڕێگرتن بەشێوەیەکی زیاد لەڕۆیشتن لەڕکێڤی سەبارەت بەچارەسەرکردنی گرفتە هەرێمایەتییەکان، ئەم خواستە بووە رێگرتنەبەر رامیاری دەرەوەی سەربەخۆ دیاریدا، زیاتر لەدیاریدان لەوڵاتانی کەنداودا، لەوانەش کەوا دامەزراوە سەربازییە گەورە ئەمریکییەکان لەسەر زەوییەکانیانە وەکو قەتەرو کوەیت و بەحرەین.

ئەم وڵاتانە بۆیان دەرکەوتووە کەڕامیاری ئەمریکا لەناوچەکە ئەنجامی نەرێی دەکەوێتەوە، هەڵسان بەدەستپێکردنی رامیاری نوێ، هەروەها وڵاتانی کەنداو نەیانویست پەیوەست بن لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەهاوپەیمانێتی دژبە ئێران، و بەباش زانینی لەجیاتی ئەوە کەپارێزگاری لەپەیوەندیی دیبلۆماسی پتەو لەگەڵ تاراندا بکەن سەرەڕای ترسوبیمیان لەمەزنبوونی دەسەڵاتی، کەئەویش لەهەوڵداندایە بۆ جێبەجێکردنی ئاشتبوونەوە لەنێوان هەردوو بزوتنەوەی حەماس و فەتح لەفەلەستین، بەڵام ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵدەدات بۆ دوورخستنەوەی حەماس، هەروەها وڵاتانی کەنداو بەشدارییان کرد لەدانوستان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری لەبارو گونجاو لەلوبنان، لەکاتێکدا ولایەتە یەکگرتووەکان حکومەتی لوبنانی هان دەدا بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی توند، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دیبلۆماسیەتی وڵاتە عەرەبییەکان ئاراستەنەکراوە دژبە ولایەتە یەکگرتووەکان، هەرچەندە جیاوازە لەگەڵ رێنماییەکانیدا.

راماڵینی ئەمریكا بۆ عیراق، ئەوە لەشوێنی كەوتەوە لەپارچەپارچەبوونی وڵاتی نێوان دوو رووبار بۆشایی هێزی دروستكرد لەو ناوچەیەدا ئێران هەوڵدەدات بۆ پڕكردنەوەی، تێگەیشتنی بەڕێوەبەرایەتی بوش بۆ دیبلۆماسیەت، بووەهۆی ئەوەی وەك پاداشت بۆ وڵاتە هاوەڵەكان لەسەر قەشەنگی رەوشتییان زیاتر لەوەی وەكو هۆیەك بۆ وەرگرتن لەگەڵ وڵاتانی رێگر، لەبۆشایی دیبلۆماسی كەوڵاتە عەرەبییەكان چالاك بوون بۆ پڕكردنەوەی.

ئەمە وایكرد تاكو وڵاتە عەرەبییەكان كەدەیانەوێت پارێزگاری لەپەیوەندیی باش بكەن لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكان بۆئەوەی لەسیاسەتی ئەمریكا خۆیان دووربگرن، لەبری هەوڵەكانیان بۆ پڕكردنەوەی بۆشاییەكە قەتەرو كۆمەڵی عەرەبی چوونە ناو دانوستان بۆ چارەسەری گیروگرفتی لوبنانی لەنێوان حزبوڵلاو تەوژمی 14ی ئازار/مارس كەئەمریكا پاڵپشتی دەكات، لەهەنگاوێكدا كەپێچەوانەی رێنماییەكانی ئەمریكا هات، میسرو كۆمەڵەی عەرەبی ئەمڕۆ، سعودیەی دوێنێ، هەوڵی دا بۆ نزیكبوونەوەی راو بۆچوونی حەماس و فتح لەفەلەستین، لەڕووداوە ستانێكی رووندا لەڕامیاری ئەمریكا، بەگشتی شەپۆلێكی گەورە لەدەسپێشخەری و پەیوەندیی دیبلۆماسی دەستی پێكرد كەوڵاتە یەكگرتووەكان بەشێك نەبوو لەچنینی، كە بەزوویی درێژبووەوە لەكەنداوو رۆژهەڵات.

ئەم چالاكییە دیبلۆماسییە ئاراستەكراو نەبوو دژی ولایەتە یەكگرتووەكان، هەروەها وەكو پێویستی زەرەرمەندنییە لەبەرژەوەندییەكان هەتاكو ئەگەر بەڕوونی بەرهەڵست بوو لەگەڵ سیاسەتەكانیدا، بەڵكو ئەو زۆرجار هەوڵی داوە بۆ چارەسەری جیاوازیی بۆ گرفتەكان كەولایەتە یەكگرتووەكان هەوڵی نەداوە گەورە نەبێت، سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی توند كەوڵاتە یەكگرتووەكان پشتی پێبەست لەسایەی بەڕێوەبەرایەتی بوش سنووری هێزی ئەمریكی دەرخست.

هەڵبەتە، ئەوە روویداوە بەبێ مەبەست، راستە كەوڵاتە یەكگرتووەكان خۆشحاڵە لەسەركەوتنی سەربازی تەواو لەسەر هەر وڵاتێك بەتەنهاو لەهەر كاتێك، دەی كەڕاستیشە كەناتوانێت هێز بەكاربهێنێت لەهەموو كاتێك و هەموو شوێنێكدا بیەوێت خواستی خۆی تێدا بسەپێنێت، بەهەرحاڵ هەردوو شەڕی عیراق و ئەفغانستان بووە هۆی كەمبوونەوەی داهاتی سەربازیی ئەمریكا، سەرەڕای ئەوەش، چەندین گرفتە گەورەكان دەمێنێت، لەشێوەی كێشمەكێش تیرە بازی لەلوبنان و رقەبەرایەتی فەلەستین-ئیسرائیل، گیرە لەچارەسەری سەربازی هەتاكو ئەگەر وڵاتە یەكگرتووەكانی توانای پێویستی هەبێت بۆ سەپاندنی، لەم شوێنكەوتنە، وەرنەگرتنی دیبلۆماسیەت بووەهۆی باری بێ توانایی ولایەتە یەكگرتووەكان كەخۆی بۆخۆی دروسیكرد سەبارەت بەچەندین لەگرفتەكان، ئێستا تارادەیەك پڕكردنەوەی بۆشایی دەكرێت لەلایەن نەیارەكانی ولایەتە یەكگرتووەكان وەكو ئێران و سوریاو حەماس و حزبوڵلا، هەروەها لەسیستمە عەرەب هاووەڵەكانیش كەهەوڵ دەدەن بۆ بەرەو پێشچوونی لەو بارانەی كەوڵاتە یەكگرتووەكان بەشداری كرد لەپاڵنانی بەرەو دیواری داخراو.

هەرچەندە چڕی چالاكی دیبلۆماسی عەرەب سەرنج راكێشە، بەڵام هێشتا قورسە بۆ دەستنیشانكردنی جۆری گشتی بۆ ئەم چالاكییە، یان زانین لەسەر ئەو پلانەی وڵاتانی ناوچەكە دەیانەوێت تێیدا دەستەبەری بكەن، بەڵام دەكرێت بوترێ كەهیچ لەم وڵاتانە پشت نابەستن بەو رامیارییەی وڵاتە یەكگرتووەكان لای باشترە، ئەوەش دروستكردنی هاوپەیمانی فراوان خۆی سەركردایەتی بێت دژبە ئێران بێت، كەهەڕەشەش لەئەندامانی ئەنجومەنی كەنداو لەخۆدەگرێت، سەرەڕای میسرو ئوردون ((كەدەناسرێن بە(عەرەبە مام ناوەندییەكان))، بەڵام ئەم وڵاتانە لەهەمان كاتدا نایانەوێت لەواشنتۆن هەڵبگەڕێنەوە ئەوان لەبنەڕەتدا بڕوایان بەولایەتە یەكگرتووەكان هەیە نە بەئێران، دەترسن كەسیاسەتی تر رووبەڕووبوونەوەی ئەمریكا لەگەڵ تاران بۆ مەترسی رەتدانەوەی ئێران، هەروەهاش دەترسێ لەدەرچوونی هێزی ئێران لەبەربەستەكەی، بۆیە رامیاری ئەم وڵاتانە دەمێنێت و بەورییایی.

لەناو ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە ناوچەییە نوێیەدا، سعودیە وەكو یاریزانێكی سەرەكی دەركەوت، لەكاتێكدا میسر خۆی لەڕۆشنایی بەدوورگرت لەبەشی دوایی رژێمی موبارەك، گواستییەوە بەرەو ناوەوە بەچاوەڕوانی روونبوونەوەی كێشەی جێنشین.

سعودیە هەوڵی داوە، بەناوبانگ بووە لەسیاسەت ئەوپەڕی وریایی كە بەمێژوویی خۆی لاداوە لەهەر بزوانێك لەپەیوەندیی لەگەڵ واشنتۆن، لەڕێبازی سیاسەتێكی سەربەخۆ، بەڵكو خۆڕاگرتن بەپێی پێوەری شانشین، نەك وەك نەریت، هەندێ وڵات وەكو ئەو پەیڕەوی كرد بەتایبەتی قەتەرو میرنشینی عەرەبی یەكگرتوو.

گرفتەكان

ئەم بابەتە باسی چالاكی دیبلۆماسی هەرێمایەتی وەردەگرێت، پاڵپشت لەسەر سێ كێشە: سەرەو ژووربوونی ئێران و لەگەڵیا سوریا حزبوڵلا و حەماس: گەورەبوونی گیروگرفتی ئیسرائیل-فەلەستین لەئەنجامی دابەشبوونی لەڕیزی فەلەستینی لەنێوان حەماس و فەتح، زیادبوونی گرژی نێوان حزبوڵلاو نێوان زۆرینە كەخۆی لەتەوژمی 14ی ئازار/مارس دەنوێنێ و پاڵپشتی ئەمریكا دەكات، ئەو گرژییە كەپاڵی نایە لوبنان بۆ كەناری شەڕی ناوخۆ، لەهەموو ئەم كێشانە، ولایەتە یەكگرتووەكان سەلماندی لە نەتوانینی بۆ پێشنیازی چارەسەری شیاو بۆ جێبەجێكردن.

سەرەڕای ئەوەش، چیتر وڵاتانی كەنداو تەنانەت میسر قایل نییە بەتوانای بەڕێوەبەرایەتی بوش لەبەشداریكردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەكان، گەرچی ئامادەنییە بۆ دانوستان لەگەڵ هەموو لایەنەكان یان پاڵنانیان بەرەو چارەسەركردن، لەڕاستیدا، وڵاتە یەكگرتووەكان لەهەموو ئەم سێ حاڵەتانە بەروونی چووە پاڵ لایەك بێ ئەوی تر، ئیتر نەیتوانی رۆڵی ناوبژیوانی بنوێنێت، بۆیە یاریزانانی هەرێمەكان هەوڵیاندا بجوڵێن بۆ پڕكردنەوەی بۆشایی، بەڵام نەك وەك كۆمەڵێكی یەكگرتوو كەپلانێكی روونی هەبێت، بەڵكو بەشێوەی یەكلەدوای یەك بۆ وەرگرتنی هەر كێشەیەك بەتەنها.

لەهەندێ حاڵەتدا چالاكی دیبلۆماسی بۆ وڵاتانی ناوچەكە سنووری ئەم سێ كێشەیە، توركیا چووە ناو شەپۆلی لێدانی دەریا بۆ پڕۆسەی ئاشتی عەرەب-ئیسرائیل، بووە ناوبژێوانی سەرەكی لەدانسوتانی نوێ لەنێوان سوریاو ئیسرائیل، كەرۆڵێك دەگێڕێت كەوڵاتە یەكگرتووەكان قۆرخی كردبوو، میسر، هەرچەندە سەرقاڵی ناوخۆییە، ناچاركرا بۆ دەستێوەردان لەغەزە كەبەستراوە پێوەی بەسنووری هاوبەش، دانوستانیكرد لەسەر ئاگربڕ لەنێوان ئیسرائیل و حەماس، كەچووە قۆناغی جێبەجێكردن لە 19ی حوزەیران/یۆنیو 2008، هەروەها بۆ هەر وڵاتێكی دراوسێی عیراق سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە، كەهەمیشە ناگونجێت لەگەڵ پلانەكانی ئەمریكا لەسەر چۆنیەتی كاركردن لەگەڵ كێشەی عیراق لەناو ماڵیەوە، هەموو ئەم هۆیانە، ئەم شیكردنەوە تەواوی دەرناخات كەگشتی و بێ كەموكوڕییە، بەڵكو وەرنەگرتنی هەندێك لەهاوپەیمانانە باوەكانی ولایەتە یەكگرتووەكان، لەوانەی كە نەزانراوە دەربارەیان لەكۆندا هەڵسابن بەدەسپێشخەری بەهێز لەسیاسەتی دەرەوە، بەڕێڕەو لەڕكێفی بۆچوونەكانی ئەمریكا دەربارەی ئێران، هەروەها دەربارەی دابەشبوون لەڕزی فەلەستین و كێشەی لوبنان.

سعودیە

پوختەكردنی سیاسەتی سعودی سەبارەت بەم سێ بابەتە دەكرێت بەواتەی كەوا هەڵدەسێت بەدووركەوتنەوە لەڕووبەڕووبوونەوە بەپشت بەستن بەدیبلۆماسییەت بۆ تەڕكردنی پەیوەندییەكانی شانشین لەگەڵ ئێراندا، هاوكاریكردن لەگەڕانەوەی هەندێ پیشەكردن بۆ ریزی فەلەستینی، دەستپێكردنەوەی دانوستان لەسەر رێڕەوی فەلەستین-ئیسرائیل، بەڵام سعودیە بۆیدەركەوت كە پارێزگاریكردن لەسەر سیاسەتی وەك یەكبوون قورسە (هەروەها لەسەر ئارامی پادشا عەبدوڵلا كوڕی عەبدولعەزیز) لەلوبنان و سوریا، پاش ئەوەی دەرپەڕی وەكو لایەنگری بەهێز بۆ حەریری و هاوپەیمانی (ئازار/مارس. هەر چەندە هەوڵیداوە بۆ لانەبردنی سوریا لەڕەتكردنەوەی پەندوەرگرتن بەئاسانی ئامرازی ئێرانی، رەنجی زۆری داوە بۆ

گەڕانەوەی بۆڕیزی عەرەبەكان، بەڵام زەحمەتێكی زۆری بینی بوو بەردەوامبوون لەسەر ئەم سیاسەتە.

دەشێ ئێران هەڕەشەی راستەوخۆ پێكبێنێت بۆ سعودیە لەڕووداوە وەستانی بێگوومان بۆی لەهاوكێشەی هێزی ناوچەكە، هەردوو وڵات كەوتونەتە ناوسەربازگەی دژیەك لەهەموو رقەبەرایەتییە هەرێمایەتییەكاندا، ئایا هاوشێوەی رقەبەرایەتی عەرەب-فارس یان سوننە-شیعە، یان ئەوەی لاینگری ئەمریكاو دژی بێت، سعودیە وڵاتێكی سونەی توندڕەو دادەنرێت، جۆرها پیاوی ئاینی وەهابی تێدایە كەبەئەندامی كەمینەی شیعە لەشانشینی بێ ئاین دادەنرێن، ئەوە هەڵوێستێكی لەڕوو وەستانی هەوڵەكانی پادشایە كەئامانجی وەرگرتنی شیعەی سعودییەكان لەوتووێژێكی نیشتمانی، هەروەها ئەوەش وڵاتێكی عەرەبییە كە بەمێژوو بەربەرەكانی میسری كردووە لەسەر پێشەوایەتی جیهانی عەرەبی، هەرچەندە ئاین هۆكارێكی سیاسی سەرەكییە لەهەر یەك لەسعودیەو ئێران، بەڵام سعودیە پیاوە ئاینییەكانی دوورخستۆتەوە لەگێڕانی رۆڵی سیاسی راستەوخۆ كەهاوتاكانیان دەیكەن لەئێران لەوكاتەی شا رووخاوە، دەسەڵاتیانی ئابڵوقەداوە لەبوارەكانی كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، لەكۆتاییدا سعودیە بەمێژوویی پەیوەندیی تەواوی هەبووە لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكاندا كەئێتر لەشۆڕشی ئیسلامییەوە لەساڵی 1979 بە(ئەهریمەنی گەورە) ناوی دەبات.

لە پەیوەندییەكانی ریازو تاران بەتوندی رووبەڕووی بوونەوە نیشان دەدرا لەكاتی هەشتاكاندا، كاتێ شانشین پاڵپشتی عیراقی دەكرد لەشەڕەكەی لەگەڵ ئێران، لەساڵی 1988 ریاز پەیوەندیی دیبلۆماسی لەگەڵ تاراندا بڕی و ئەوەی بەستەوە بەكاری ئاژاوەگێڕی حاجییە ئێرانییەكان بەشدارییان تێداكرد لەكاتی وەرزی حەجدا لە مەككە ساڵی 1987، هەروەها 400 كەس بوونە قوربانی، جگە لەوەی بەدوایدا هات لەدەستدرێژی بۆسەر باڵیۆزی سعودیە لەتاران و هەڕەشەكانی ئێران بۆسەر كەشتیوانی لەكەنداو، بەڵام گەرمایی گەڕایەوە سەرلەنوێ بەناو بەشەكانی پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات لەپاش مردنی ئایەتوڵڵا روحوڵڵا ئەلخومەینی ساڵی 1989، پاشان بەتایبەتی لەپاش هەڵبژاردنی محەمەد خاتەمی بەسەرۆك ساڵی 1997، هەروەها داماڵینی عیراق یارمەتیی كوەیتی دا بۆ چاكبوونی پەیوەندییەكان، چونكە سعودیە دژی عیراق وەستا، كەئەوەش پەرەپێدانێك بوو ئێران پێشوازی لێكرد هەتاوەكو بووەتە هۆی جێگیربوونی هێزی ئەمریكی لەسەر زەوی سعودیە، لەئەنجامی ئەوە سعودیەو ئێران لەنیسانی ساڵی 2001 رێككەوتنێكی هاوكاری و ئاسایشیان مۆركرد تێیدا رێككەوتن بۆ بەخشینی هەوڵی هاوبەش بۆ رێگرتن لەتاوان و تیرۆر، پاكنووسی سامانەكان، سەرەڕای هاوكاری بۆ چاودێری سنوورو ئاوە هەرێمایەتییەكان، راستە ئەو رێككەوتنە تاڕاددەیەكی زۆر دیاریكردن بووە، بەڵام خەتیشی لەسەر تواندنەوەی بەستەڵەكی نێوانیان كردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەكانی ئێران و سعودیە بە گرژی مایەوە بەهۆی بوونی بەرەكانی توندی ناو ئەم دوو وڵاتە گەورەیە كەدرێژەیان داوە بەدرێژایی هەردوو كەناری كەنداو (تاڕاددەیەك رێكنەكەوتنیان هەتاكو لەسەر ناوەكە: ئەو (كەنداوی فارسی) سەبارەت بەئێران و (كەنداوی عەرەبی) سەبارەت بەسعودیەو وڵاتانی تری عەرەب، هەروەها بەهۆی سەپاندنی بوونی رژێمێكی شیعەی بەهێز لەپاڵیدا كەترسناكە لەسەر سعودیە، كەدەبێت لێرە لەبیرمان نەچێت كەشیعەكانی سعودیە، كەئەوان كەمینەن لەناوچەی رۆژهەڵاتی وەبەرهێنەری نەوتە جێگیرن، هێشتا جیاوازیی دەچێژن، پێناچێت دوایین هەوڵەكانی شا عەبدوڵڵا ببێتە كردنەوەی وتوێژ لەگەڵیاندا بۆ گۆڕانێكی پەلە نەك لەباردۆخیان و نەلەهەڵوێستی زۆرینەی سعودییەكان.

رووخانی رژێمی سەدام ساڵی 2003 بووە هۆی زیادكردنی بەربەرەكانی كەئێران دەیسەپاند، جڵەوی بۆ لەغاوی تایەفەگەری بەردا، دەسەڵاتی شیعەی ژمارە زۆرو كوردی زۆرتر رێكخست لەعیراق، لەكاتێكدا سوننەكان پەراوێزخران كەهەژاربوون لە رێكخستن و ژمارەی هێز پاش رووخانی (پارتی بەعس)و دامەزراوەكانی دەوڵەت، سەرەڕای ئەوەش، شیعەكان گەڕانەوە بۆ عیراق كەپەنابەربوون لەئێران لەكاتی دەسەڵاتی سەدام حسێن، ئەوانەی

لەوێ پارتی سیاسی و چەكدارییان دامەزراند، ئیتر ڕێكخستنەكانی شیعە دەركەوت، گرنگەكانیان سوپای مەهدی بەسەرۆكایەتی موقتەدا سەردن وەكو هێزی سیاسی گرنگ، و ئێران پاڵپشتی لێكرد.

دوو رای جیاواز دەركەوت لەسعودییە سەبارەت بەچۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ زیادبوونی دەسەڵاتی ئێران، یەكێكیان شازادە بەندەر كوڕی سوڵتان، راوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی كەماوەیەكی زۆر باڵیۆزی شانشین بووە لەوڵاتە یەكگرتووەكان، بانگەشەی كرد بۆ پیادەكردنی بۆچوونی ئەمریكی كەئاگاداری وڵاتانی ناوچەكە دەكات بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی توند لەئێران، ئەمەش زیاتر لەوانیتر دەیسەپێنێتەسەر سعوودییەكان بۆ ئامادەبوونی پێشكەشكردنی پاڵپشتی، هەتاكو چەكیش بۆ سوونەكانی عیراق ئەگەر ئەوان تووشی خنكان بن لەوناو زیادبوونی دڵەڕاوكێ لێشاوی شیعەو كورد، ئەم بیرۆكەیە كەگێڕانەوەی یەكێك لەڕاو بۆچوونە باوەكان لەڕیاز، نەواف عوبێد یەكێ لەڕاوێژكارانی حكومەتی سعودیەیە بەڕاشكاوی خستیەڕوو، لەوتەكەیدا (واشنتۆن پۆست) بڵاویكردەوە لە29ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەر ساڵی 2006، بەڵام حكومەتی سعودی زۆر بەزوویی لەم بیرۆكەیەی بێ بەری بوو، جەختیشی كر لەزاڵبوونی راوبۆچوونی پادشا كە كەمتر رووبەڕووبوونەوەو بانگ خوازە بۆ دەورەدانی سعودیە بۆ ئێران لەناو هەوڵەكانی دیبلۆماسی نەك لەسەر رووبەڕووبوونەوە، بەڵام بێگومانم كەهەندێ لەلێپرسراوانی سعودی بەلای كەمی بەنهێنی پێشوازییان كرد لەهەڵوێستی ئەمریكی توند بەهۆی ترسییان لەدەركەوتنی ئێران پڕچەك بەچەكی ئەتۆمی.

سعودیە دوركەوتنەوەی لەسیاسەتی ئەمریكا بۆخۆی هەڵبژارد بەهیوای رزگاربوون لەهەر كاردانەوەیەك لەئێران لەكاتێك وڵاتە یەكگرتووەكان یان ئیسرائیل هەڵسان بەهێرش لەسەری، ئەم نزیكبوونەوەیەی پادشای ئەم شانشینی سعودی خستە دولای دژبەیەك لەگەڵ سیاسەتی ولایەتە یەكگرتووەكان، لەسەرەتای ساڵی 2006 واشنتۆن رووبەڕووی دوو كاری گرنگی چاوەڕواننەكراو بۆوە لەئەنجامی راماڵینی عیراق، بۆ زانین چاوەڕوان كردنییان گران نەبوو، ئەوانەش: بەرزبوونەوەی توندو تیژی بوو لەناو وڵاتی رافیدەین-دوو رووبارەكە، لەخۆبایبوونی هێزی ئێران لەناوچەكە، عیراق ئەلەنگایەوە لەلێواری شەڕی (ناوخۆ (ئەگەر هەرگیز نەكەوتبۆوە دۆزەخیەوە) لەتەقاندنەوەی هەردوو مەزارگەی ئیمامی عەسكەری، یەكێ لەگرنگترین شوێنە پیرۆزەكانی شیعەكان، لەسامەرا لەشوبات/فەبرایەری ساڵی 2006، هەروەها ئەو (عیراق) بووە وڵاتێكی رووخاو ئەمریكاییەكان بەزەحمەت جەستەی كۆدەكەنەوە، هاوسەنگی دەسەڵاتی ئێران لەتوانایدا نەمابوو، بۆیە واشنتۆن پێی وابوو ئەگەر بۆ دەوردانی ئێران سەربكەوێت، دەبێت وڵاتانی دراوسێ بخزێنرێنە ناو هاوپەیمانی لەگەڵیدا، بەڵام سعودیە ئەم بۆچوونەی بڕیارنەدا، وڵاتانی كەنداوی تریش دوای كەوتن.

لەسەرەتایی پاییزی 2006دا وەزیری دەرەوەی ئەمریكا كۆندۆلیزارایس هەوڵی زۆری داوە بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانی دژبە ئێران لە(رژێمە ناوەندییەكان) یان بەواتایەكی تر رژێمە سونییەكان، لەپاش چەند مانگێك لەكۆبوونەوەی هەڕەمەكی لەنەتەوە یەكگرتووەكان دەستی پێكرد لەئەیلول/سێپتەمبەر، واشنتۆن توانی ئەندامانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو كۆبكاتەوە، سەرەڕای میسرو ئوردن، (6 + 2) ، لەكۆبوونەوەیەك لەكوەیت لە 17ی كانوونی دووەم/یەنایەری ساڵی 2007، ئەم كۆبوونەوەیە وەكو پەیامنێری (واشنتۆن پۆست) گلین كیسلەر بەدڵڕەقی بە(پەرەی تەمومژی) كەباسی لەئێران (یان سوریاو حزبوڵڵاو حەماس) نەكردووە، بەڵكو تەنها جەختی لەسەر پابەند بوونی بەشداربووان كرد لە (ئاسایش و ئاشتی هەرێمایەتی).

لەكاتێكدا پادشا عەبدوڵڵا بەردەوام بوو بەبێ سۆزی پلانی ئەمریكی جەختی لەسەر چنینی چەترێكی دیبلۆماسی كرد نەك لەگەڵ ئێران و دەورووبەری تەنها، بەڵكو هەروەها سەبارەت بەكێشە گەورەكانی تری كەهەڵدەكات لەسەر ناوچەكە، وەكو: گرژبوونی باوەڕی ئاینی، نوێبوونەوە لەلوبنان لەپاش تیرۆركردنی سەرەك وەزیرانی پێشووتر رەفیق حەریری لەشوبات/فەبرایەر 2005ەوە كەبەدوایدا هات لەكشانەوەی زۆرەملێ بۆ هێزەكانی سوریا

لەلوبنان، لەخۆ بایبوونی حزبوڵڵا لەپاش شەڕی هاوینی ساڵی 2006 لەگەڵ ئیسرائیل، سەركەوتنی حەماس لەكانوونی دووەم/یەنایەری ساڵی 2006 لەهەڵبژاردنەكانی فەلەستین ئەوەی روویدا لێی لەڕەتكردنەوەی كۆمەڵی نێودەوڵەتیەدانپیانان بەحكومەتەكەی و هەوڵەكانی ولایەتە یەكگرتووەكان ئەمریكا بۆ پاڵپشتی سەرۆكی فەلەستین مەحمود عەباس دژی ئەمەی دوایی سەرەك وەزیرانی، لەهەموو ئەم گرژییانەدا، سعودیە پشتی بەستە دیبلۆماسیەت، بەڵام پلەی جیاجیا دەستەبەركرد لەسەركەوتن، لەكاتێكدا ئەم دیبلۆماسیەتە بەدیاریكردن دژ بەولایەتە یەكگرتووەكان نەبووە، بەلام هەوڵەكانی سعودی لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا جیاواز بووە لەگەڵ سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتی بۆشدا.

بەرەبەیانی شەڕی هاوینی نێوان حزبوڵڵاو ئیسرائیل، كەوڵاتی عیبریی سەركەوتو بوو بەدەستهێنانی قازانج، سعودیە وتوێژێكی لەگەڵ ئێران‌و كردەوە بۆ سوككردنی توندی گرفتەكانی لوبنان، لەڕاستیدا سعودیە لەلوبنان بێ لایەن نەبوو ئەو لایەنگیریی توندی تەوژمی ئایندە بوو كەسەعد كوڕی رەفیق حەریری سەركردایەتی دەكات، كە دەناسرێت بەتەوژمی 14ی ئازار/مارس كەئەلقاعیدە لەدەوری داوە.

وڵاتە یەكگرتووەكان پاڵپشتی (هێزی 14ی ئازار) دەكات لەكاتێكدا سوریاو ئێران حزبوڵڵاو ئەوەی دەناسرێن بەهێزی 28ی ئازار/مارس كەحزبوڵڵاو هەندێ لەپارتە بچووكەكانی سەربەسوریا لەخۆدەگرن، تەوژمی نیشتمانی ئازاد بەسەرۆكایەتی میشێل عەونی سەركردەی مارۆنی بەرهەڵستكاری بەهێزی پێشوو دژبە سوریا، كەچووە ناو ئەم هێزانەوە بووە گۆڕانێكی نامۆ لەسیاسەتی لوبنان، بەكۆتایی ساڵی 2006، حزبوڵڵا ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنانی پەك خست و بەئاشكرا لەڕووی حكومەتدا وەستا، سەپاندی بەسەریا كە نابێ تەنها حكومەت سەرقاڵی بەڕێوەبردنی كاروبار بێت، لەكاتێكدا ولایەتە یەكگرتووەكان و سعودیە پاڵپشتی هەمان لایەنی دەكرد لەڕووبەڕووبوونەوەی هەریەكەیان سیاسەتێكی جیاوازی پەیڕەو دەكرد، وڵاتە یەكگرتووەكان ئاگاداری حكومەتی 14ی ئازار/مارسی كرد بەتوندی بوەستێت دژبەڕووی حزبوڵڵاو ئێران و سوریاوە بەزیادكردنی پاڵپشتی بۆ هێزی سەربازی لوبنان، بەپێی بەرنامەی دەوڵەمەندكردنی هێزی سەربازیی بیانی، لەهیچەوە بۆ 9.6ملیۆن دۆلار لەساڵی 2008، ئەمە لەكاتێدا بۆ هێوركردنەوەی دۆخەكە لەلوبنان، ئەگەر بكرێت لەعیراقیش، كەپێكهات لەسەرەتای ساڵی 2007 بەچاوپێكەوتن لەنێوان هەردوو سەرۆكی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران عەلی لاریجانی و سعودی شازادە بەندەر كوڕی سوڵتان، پاشان مەسەلەكان زووبەزوو بڵاوبوونەوە بۆ باسكردن لەنێوان سعودیەو ئێران، لەئازار/مارس ساڵی 2007 پادشا عەبدوڵڵاو سەرۆكی ئێرانی مەحمود ئەحمەدی نەژاد چاویان بەیەكتر كەوت رووبەڕوو لەسعودیە، بەڵام بێ بەرنامەكاری روون یان ئەنجامی دیاری، بەهاتنی هاوین، پادشا پەرەی بەخشتەی كارد كەتێیدا تێڕوانینی شانشینی لەبارەی ئاواتەكانی ئەتۆمی ئێران دەرخست، لەوكاتەدا، ئێران هێشتا لەڕوی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی ئەتۆمی ولایەتە یەكگرتووەكان و ئەورووپا دەوەستا لەبەردەوامبوونی هەوڵەكانی بۆ بەدیهێنانی خولی سوتەمەنی ئەتۆمی و زۆركردنی پێداویستییەكانی كارگەی وزەی ئەتۆمی كەدروستدەكرا یان چالاك دەكران (وەكو وڵاتانی تر گومانیان هەبوو) بۆ دەستەبەركردنی وەبەرهێنانی چەكی ئەتۆمی، سعودیە پێشنیازی كرد ئێران كاربكات پێكەوە لەگەڵ هەموو وڵاتای كەنداو كەویستیان دەربڕی بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەی وزەی ئەتۆمی بۆ دروستكردنی دەزگایەكی ئەتۆمی هاوبەش لەوڵاتێكی بێ لایەن وەكو سویسرا بۆ دابینكردنی سوتەمەنی بۆ هەموو ناوچەكە بەگشتی، راستە ئەم پێشنیازە هیچ بوارێكی نەبوو بۆ رەزامەندی بوونی ئێران لەسەری، هەروەها سعودییەكانیش بێ گومان دەیانزانی، بەڵام وەكو ئاگادارییەك لەسعودییەكان كەوا لەسەر وڵاتانی ناوچەكەیە خۆیان رووبەڕووی ئەو كێشانە ببنەوە كەكارەكاتەسەریان بەپێی پێوەرەكانی خۆیان، لەبری كاركردن بەپێی پێوەری ئەمریكی، وادادەنرێت لەڕوو وەستان لەسەر هەڵوێستی ئەمریكی، پاشان پەیوەندییەكانی بەردەوام بوو لەگەڵ ئێراندا بەو پێیەی بەشێكە لەناوچەكە جیانابێتەوە، لەگەڵ

سەرۆکەکەی، ئەحمەدی نەجاد، ئەمەی دوایی بنەماو رێسەکانی حەجیشی جێبەجێکرد لەمەککە، بەشداری کۆبوونەوەی کرد لەئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (کەئێرانی تێدانییە) لەکانوونی یەکەم، دیسەمبەر.

لەکاتێکدا سعودیە بەردەوامبوو لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا، هەوڵیشی داوە بۆ خۆ هەڵقورتاندن لەفەلەستین، لەسەر کارکردن لەدوو بەرەدا: دەستەبەرکردنی ئاشتبوونەوە لەنێوان کەرتە فەلەستینییەکان، دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی، پادشا تاقیکردنەوەی کرد، بەڵکو بۆماوەیەکیش سەرکەوت، لەدەستەبەرکردنیپلەیەك لەئاشتبوونەوە لەنێوان حەماس و فەتح لەبانگەشەکردنیان بۆ دانوستان لەمەککە لەشوبات/فەبرایەر ساڵی 2007، کەئەم دانوستانە (رێککەوتنی مەککە) کەدەرگای واڵاکرد لەبەردەم دامەزراندنی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی، بەڵام لەکاتێکدا پادشا کاری دەکرد بۆ ئامادەکردنی رێککەوتنی مەککە، ولایەتە یەکگرتووەکان یارمەتی پڕچەککردن و مەشق پێکردنی هێزە ئەمنییەکانی ملکەچی بازنەی راستەوخۆی سەرۆك مەحمود عەباسی، لەئازار/مارس ساڵی 2007، لەکاتی لوتکەی کۆمەڵی عەرەبی، سعودیە هەوڵی داوە بۆ دووبارەکردنەوەی دەسپێشخەری ئاشتی عەرەب، کەپێشووتر پادشا عەبدوڵڵا پێشنیازی کردبوو لەلوتکەی کۆمەڵەی عەرەب لەساڵی 2002 لەبەیروت لەکاتێکدا جێنشین بووە، ئەم دەسپێشخەرییە داواکارییە درێژخایەنەی عەرەب دووبارە کردۆتەوە بەگەڕانەوەی ئیسرائیل بۆ سنووری ساڵی 1967 و دانپێنان بەمافی پەنابەران بۆ گەڕانەوە، لەساڵی 2002ەوە هیچ کامیان ئەوەندە گرنگییان نەدا بۆ دۆزینەوەی تاچەند توانای مەسەلەی سنوورو پەنابەران هەیە بۆ دانوستان، لەڕاستیدا لەنیسانی 2004 ئیدارەی بوش نامەیەکی نارد بۆ ئەریەل شارۆن، سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل لەوکاتەدا، تێیدا دەستی پێکرد کەدان بەمافی ئیسرائیل دەنێت بۆ بەردەوامبوون لەدەست بەسەراگرتنی لەسەر بەشەکانی زەوییە داگیرکراوەکان و رەتکردنەوەی گەڕانەوەی پەنابەران بۆ ئیسرائیل.

رێککەوتنی مەککە بەزوویی داڕوخا، هەرچەندە فەتح و حەماس حکومەتی یەکێتی نیشتمانییان پێکهێنا، ئیسماعیل هەنییە، کەیەکێکە لەسەرکردەکانی بزوتنەوەی حەماس، کرایە سەرەك وەزیر، بزوتنەوەش بەردەوامبوو لەڕەتکردنەوەی دانپیانانی فەرمی بەدەوڵەتی ئیسرائیل، هەرچەندە لەدەرخستەی حکومەتی یەکێتی لەپەنادا ئیشارەتی کردووە کەپابەند دەبێت بە هەموو رێککەوتنەکان کەڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی کردوویەتی، ئەنجومەنی یاسادانان رەزامەندی لەسەر کردووە، یەکێتی ئەورووپاو وڵاتە یەکگرتووەکان دانیان بەشەرعییەتی حکومەت نەدا، ئیتر سزاکانیان هەڵنەگرت، سەرەڕای ئەوەی، ولایەتە یەکگرتووەکان بەردەوام بو لەهەوڵە قەستییەکانی بۆ کۆتایی ناکۆکییەکان لەنێوان هەنیەو عەباس، ئەوەبو ئەنجامی ناچاری پێکدادانی نێوان حەماس و فەتح گرێی توندوتیژی داگیرساند لەغەزە لەماوەی مانگی حوزەیران/یونیو لەساڵی 2007 ەوە بووە هۆی دەست بەسەراگرتنی غەزە، هەروەها فەتحیش دەستی بەسەر کەناری رۆژئاواداگرت، هەروەها پاڵی نایە سەرۆکانی عەرەب کەهەنیە لابدات لەپۆستەکەی وەك سەرۆك وەزیر، بەشێوەیە هەوڵەکانی سعودیە داڕووخاو حەماس و فەتح مانەوە بەدوژمنایەتی زیاتر لەهەر کاتێکی پێشتر، غەزەو کەنار ملکەچی دوو دەسەڵاتی جیاواز بوون و فەلەستینەکان بێ حکومەتی کاریگەر یان سەرکردایەتییەك بوون کە توانای قسەکردنی بەناوی هەموانەوە هەبێت.

لەم بارەیەوە سیاسەتی سعودیە تەنها سەرنەکەوتنی بەهۆی پەرەسەندنی کێشەکان کەماونەتەوە نەبوو، بەڵکو هەروەها بەهۆی ئارەزووی ولایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لەڕووبەڕووبوونەوەیە بەهیوای کەفەتح حەماس راماڵێت.

سەرەڕای ئەم نسکۆیە، بەگشتی سعودیە مایەوە لەسەر هەڵوێستی گونجاندنی خۆی سەبارەت بەکێشە هەرێمایەتییەکانەوە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ سوریادا بوو کەزۆربەی جار هەوڵەکانی سعودیەی دامرکاندۆتەوە بۆ کۆکردنەوەی فەتح و حەماس، بۆ دابینکردنی ئارامی لەلوبنان لەسەر دەرچوون لەڕێگای داخراو کەبووە رێگر لەهەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ، لوبنان

بووە هۆی بەریەككەوتن لەنێوان هەردوو ولات، چونكە هەریەكەیان پاڵپشتی لایەنێكی ناكۆكی دەكرد، سەرەڕای ئەوەی سعودیە توانای بەرگە گرتنی زیاتری هەبوو بۆ پەیڕەوكردنی سیاسەتی دوژمنكاری بەرامبەر سوریا كە توانای نییە تەنها هێزێكی سنووردار نەبێت، بەڵام ئەوە ناتوانێت لەگەڵ ئێرانی بەكردەوە ترسناك، لەوانەیە پادشا لەهەڵوێستە لەخۆبایی و سەركێشییەكانی بەشارولئەسەد سەرۆكی سوریا، بە سوكایەتی دەزانێت، بۆیە سعودیە چاوپۆشی كەمتری لەگەڵ ئەسەددا كرد لەوەی كردی لەگەڵ ئەحمەدی نەجاد، بەڵام كەم ئارامی لەسەر سوریاو وەرگرتنی هەڵوێستی دانە پاڵ لوبنان، سعودیەی هاندا بۆ هەل وەرگرتن بۆ هەڵخەڵەتاندنی سوریا بۆ گەڕانەوە بۆ ریزی عەرەبی و سوككردنی گرژی لوبنان.

پاش پرۆسەی تیرۆركردنی رەفیق حەریری، كە گوومانی پلاندانانی لەدەور رژێمی سوریادا دەگەڕا، هەروەها لەپاش كشانەوەی زۆرە ملێی هێزەكانی سوریا لە لوبنان سعودیە دەستپێشخەری كرد، بۆ پاڵپشتی كردنی بنەماڵەی حەریری، لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەكی تیرۆركردن بو، ئەمە دوایین نەچووە سەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆك حكومەت، كە دەبوایە راستەوخۆ وەكو سەرۆكی گەورەترین پارتی سوننی لەوڵات بەڕێوەی ببردایە، بەڵكو زۆربەی كات لەدەرەوەی لوبنان بەسەری دەبرد، لەبنەڕەتدا لەسعودیە.

لەبەرامبەردا سوریا پاڵپشتی بەهێزی حزبوڵڵای دەكرد، سەرەڕای داكۆكیكردنی حەماس دژبە فەتح لەفەلەستین لەكاتێكدا سعودیە هەوڵی دەدا بۆ دەستەبەركردنی ئاشتبوونەوە، ئەوەی دۆخەكەی گەورەتر كرد، بەلای كەمی لەلوبنان و فەلەستین، كەسوریا ماوەیەكی زۆر، رەتی دەكرد كەبچێتە ناو یاری دیبلۆماسی و رێككەوتن، هەتاكو بەشێوەش بێت، كەهەتاكو ئێران بڕیاریدا بچێتەوە ناویەوە، جیاوازیی لێرە، كەدیمەشق لەگەڵ رەتكردنەوەی چەندو چوونی لەسەر ئەم كێشانە، لەساڵی 2007 هێڵی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل كردەوە لەڕێگای توركیاوە، دەستی كردە زیدووكردنەوەی ئەگەری دانوستانی ئاشتی بەهیوای گیرانەوەی بەرزاییەكانی جولان كەئیسرائیل داگیری كردبوو لەساڵی 1967.

ناكۆكی سەرەكی یەكەم لەنێوان سوریاو سعودیە تەوەری گرتبوو لەسەر دادگای تایبەت بۆ گۆڕینەوەی گومانلێكراوان لەتیرۆركردنی ئەلحەریری، لەسعودیە بانگەشەی دامەزراندنی دادگای كردبوو، بەڵام سوریا، كە گومانلێكراوی سەرەكی تێیدا، بەرهەڵستی كردو پاڵپشتی هەوڵەكانی هێزی 8ی ئازار/مارسی لوبنانی كرد بۆ نەبەستنی دانیشتنی پەرلەمان بۆ بڕیاردانی دامەزراندنی دادگا، لەئەنجامی ئەوە، دادگا دامەزرا لەچاودێری نەتەوە یەكگرتووەكان، كەبووە هۆی وازهێنانی دەنگدانی ئەنجومەنی پەرلەمانی لوبنان.

جارێكی تر، سعودیە پاڵپشتی دامەزراندنی دادگای كرد، جارێكی تریش سوریا بەرهەڵستی كرد سعودیەو لەگەڵیدا كوێت و میرنشینی عەرەبی یەكگرتو ئامادەییان دەربڕی بۆ هاوكاریكردن لەپێدانی دراوی دادگا، ئەوەش هەنگاوێكە كەتوندی گرژییەكەی گەورەتركرد لەنێوان سعودیەو سوریا.

پەیوەندیی نێو هەردوو وڵات تاڕادەیەك چاكبووەوە لەپاش لوتكەی كۆمەڵی عەرەب لەساڵی 2007، چونكە سوریا پاڵپشتی سعودیە بوو بۆ گیرانەوەی راگەیاندنی دەستپێشخەری ئاشتی، ئیتر سەرلەنوێ كارەكان دووبارە خراپ بوون لەئاب ، لەكاتێ جێگری سەرۆكی سوریا فاروق شەرع تێبینی توندی لەسەر بەرخوازی سعودییەكان بۆ یاریكردنی رۆڵی هەرێمایەتی و نەتوانینیان لەجێبەجێكردنی خستەڕوو.

هەوڵێكی وەلیدولموعەلیم سەرنەكەوت لەدوایین چركەدا هەڵوەشایەوە بەهۆ بەردەوامبوونی ناكۆكییەكان لەسەر لوبنان، هەرچی سعودیە بوو بانگەشەی دەكرد بۆ هەڵبژاردنی دەستبەجێ بۆ سەرۆكی نوێی لوبنان، لەكاتێكدا سوریا پاڵپشتی حزبوڵڵای دەكرد لەداواكارییەكەی كەهەڵبژاردن لەكاتێك بێت لەگەڵ پشت بەستن بەیاسای نوێی هەڵبژاردنی و فراوانكردنی رۆڵی نەیارەكان لەحكومەتدا.

گرفتەكە كە لەلوبنان تەقیەوە لەئایاری ساڵی 2008 پاڵینا بەپەیوەندییەكانی نێوان سعودیەو سوریا، بەدیاری لەنێوان شا عەبدوڵڵاو سەرەك ئەسەد بۆ خواری خوارەوە، بەڵام كەچارەسەری كێشەكە لەڕێگای دانوستانەوە كەقەتەر و كۆمەڵی عەرەبی چاودێرییان دەكرد بەزویی بارودۆخی ناوچەكە گۆڕی، بووە هۆی هەوڵێكی هاوبەش كەوڵاتە بچووكەكانی كەنداو بەخشیان بۆ گەڕانەوەی تێكەڵبوونی سوریا بۆ ریزی عەرەبی، هەروەها لەسەرەتای حوزەیران/یونیو ئەسەد سەردانی میرنشینی عەرەبی یەكگرتوو و قەتەری كرد لەنێو دەنگۆی هەوڵەكانی كوێت و قەتەرو میرنشینی بۆ بەستنی چاوپێكەوتنێكی ئاشتبوونەوە لەشوێنەواری شەرەم ئەلشێخی مسیری، میسرو سعودیەو سوریا لەخۆدەگرێت، هەرچەندە كۆبوونەوەكە نەبەسترا مەسەلەی ئاشتبوونەوە مایەوە لەكۆتی گفتوگۆ، لەهەمانكاتدا فەرەنسا جوڵایەوەو باشتركردنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ سوریا، سەرۆك نیكۆلای ساركۆزی دیپلۆماتە فەرەنسییە ئاست بەرزەكانی نارد بۆ دیمەشق كەپەیوەندیی پاریس لەگەڵیدا سارد بوو لەكاتی تیرۆركردنی ئەلحەریری، پاشان بانگەشەیەكی ئاراستەی سەرەك ئەسەد كرد بۆ سەردانی پاریس لەتەموزی 2008، لێرە جێگای ئاماژەیە كەسعودیە دوور بەڕێز مایەوە لەم چالاكییەی فەرەنسا.

لەم ئاسەوارە گشتییە دەردەكەوێت، ناكرێـ سیاسەتی دەرەوەی سعودیە پەند وەربگرێت لەسەردەمی شا عەبدوڵڵا كە نەدژ بەولایەتە یەكگرتووەكانە نەتوندڕەویشە بەڵكو بەزوویی ئامانجەكانی سعودیەو ولایەتە یەكگرتووەكان جوتبوون، هەردوو وڵات لەدڵەڕاوكێدابوون لەدەسەڵاتی ئێران، هەردووكیان توڕەبوون لەهەڵوێستەكانی رووبەڕووبوونەوە كەسوریا وەریدەگرت و بڕوایان بەهەردوو رژێم نییە، بەڵام هەردوو سیاسەتی جیاوازیان پەیڕەوكرد بۆ بەرەنگاری ئەم كێشانە، پادشا هەوڵی دەدا بۆ خۆلادان لەڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و گەڕانەوەی سوریا بۆ رێڕەوی عروبەی و پتەوكردنی ئاشتبوونەوەی نێوان فەتح و حەماس، لەكاتێكدا ولایەتە یەكگرتووەكان چالاكتر دەبوو بۆ وەلاهێنانی ئێران و سوریاو چینی هاوپەیمانی دژیان، هەروەها لەهەمان كاتدا هەوڵیداوە و فەلەستینییەكانی هانداوە بۆ هەڵگەڕانەوە لەحەماس لەڕێگای وەلاهێنانی غەزەو سەپاندنی سزا بەسەریدا، سعودیە چووە پاڵی كەبەڕێوەبەرایەتی بوش ناوی نا سیاسەتی (خۆشەویستی و رازیكردن) لەكاتێكدا پشكی ولایەتە یەكگرتوەكان كەوتە هەڵبژاردنێك كەسعودیە داینا بەڕێبازی رووبەڕووبوونەوەی ترسناك.

دژواری ناوخۆ بەشداربوو لەسیاسەتی هەردوو وڵات بۆ ئاڵۆزی پەیوەندیی نێوانیان، سعودیە كەدەرگای دیبلۆماسی واڵاكردبوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران، هەمان دەرگای داخست لەڕووی حكومەتی مالكی لەعیراق بەهۆی زاڵبوونی شیعەو كورد لەسەری و هەروەها بەهۆی نزیكبوونەوەی ئەم حكومەتە لەگەڵ ئێران، وەكو زۆربەی وڵاتانی تری عەرەب، سعودیە باڵیۆزخانەی لەعیراق نەكردەوە، بەڵام ولایەتە یەكگرتووەكان بەتوندی بەرهەڵستی ئێرانو پاڵپشتی رژێمی مالكی دەكات كەئێرانیش هاوكاری دەكات، لەڕاستیا هیچ هەڵبژاردەیەكی تر لەبەردەم ولایەتە یەكگرتووەكاندا نییە، كە لەدواییدا رژێمی مالكی دروستكردوویەتی.

لەگاڵتەی چارەنووس، چاوەپۆشیش لەهۆكارەكان، ولایەتە یەكگرتووەكان و ئێران دەركەوتن كە هەردوولایان تاكە وڵات بوون پەیوەندییان دروست كرد لەگەڵ عیراق، هێشتا بەڕاوێژە لەلایەن رژێمە عەرەبییەكانەوە، كەئەوان هەمان رژێمن كەوا ئەمریكا بەتەنگیانەوەیە بۆ بەدیهێنانی خۆشەویستیان، (بزانیی كەمیرنشینی عەرەبی یەكگرتوو جاڕیدا كە لەحوزەیرانی ساڵی 2008، دوای هاندانی ولایەتە یەكگرتووەكان، كە باڵیۆزخانە لەعیراق دەكاتەوە)، بەڵام جیاوازییەكان ناوەستن لەم رادەیە، سعودییەكان نایانەوە بەشێك بن لەسیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی كەئەمریكا پەیوەندیی دەكات لەگەڵ ئێراندا، كەئەوان بەشدارییان كرد لەسەرنەگرتنی پلانی (ئەنجومەنی هاریكاریی كەنداو كۆی دوان) بەڵام لەهەمان كاتدا ئەوان هیوادارن كەولایەتە یەكگرتووەكان بەردەوام بێت لەبەرەنگاربوونەوەی ئێران و یاری لەگەڵ بكات بەڕۆڵی (پۆلیسێكی خراپ)، لەبەرامبەر رۆڵی (سعودییەكان) وەك (پۆلیسی باش).

گرژی نێوان سعودیەو ولایەتە یەكگرتووەكان سنووری ناكۆكییەكان تێدەپەڕێنێت لەسەر هەندێ پلانی دیار، هەروەهاش سنووری جیاواز لەڕووگەی كەسێتی نێوان پادشا (عەبدوڵڵا) كەبڕوای بەدیبلۆماسیەتەو نێوان سەرۆك (بوش) كەسیاسەتی هێزی لەئەستۆگرتووە.

كەشاراوەیی كێشەی سەرەكی لەڕوودانی گۆڕانی بنەڕەتی لەپەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات، جۆری ئاڵوگۆڕ كردن، نەوت بەئاسایش بەسترا، لەكاتێكدا سعودیە وڵاتێكبوو كەچەند ملیۆن كەسێكی لەخۆدەگرت و هیچ بنەمای ئابووری نەبوو جگە لەبیرە نەوتەكان، بەڵام ئەمڕۆ، سعودیە 27 ملیۆنە كە لەناویاندا زیاتر لەپێنج ملیۆن كرێكاری بیانی هەیە، كەئەو لەسنووری جۆراوجۆری ئابوورییەكەی بەشێوەیەكی پەلە، دوای یەكەم بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ساڵی 1974 لە توانای سعودییەدا نەبوو بۆ هەڵمژینی یان بەڕێوەبردنی رژانی زۆری دۆلاری نەوت بەتەنها، بۆیە زۆربەی سامانەكان خرانە بانقەكانی رۆژئاوا بۆ وەبەرهێنان، بەڵام ئێستا سعودییەكان وایان لێهات سامانیان لەوەبەرهێنان بەچڕی بەكاردێنن بۆ جۆراوجۆركردنی ئابوری خۆماڵی.

دارایيەكان كەملكەچی زاڵگەی حكومەتە، بەزۆری نەژادەكان لەولایەتە یەكگرتووەكان و ئەورووپاوە لەگەڵ گەیشتنی چین و هیندستان و وڵاتە پیشەسازییەكان، چیتر سعودیە پشت بەڕۆژئاوا نابەستێت بۆ فرۆشتنی نەوتەكەی، چیتر پشت بەیەك سەرچاوە نابەستێت بۆ چەك بۆ بەهێزكردنی هێزی بەرگری، لێرە سەربەخۆیی سعودییەكان كارێكی سەپێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتە یەكگرتووەكان و سعودییە ماونەتەوە بۆ راددەیەكی گەورە لەهەمان كەشتیدا لەهەموو ركابەرێ لەڕكابەرییە جیاوازەكان.

كۆتایی بەشی یەكەم